# تێزەکانی جەلال تاڵەبانی، خزمەت بە شۆڤینیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک و فارس دەکەن

ئەمجەد شاکەلی

ئەوەی برێک شارەزایی لەمەڕ کەسیەتیی جەلال تاڵەبانییەوە هەبێت، دەزانێت ئەو پیاوێکە بە گوێرەی ڕۆژ و بازاڕ و کات و سەردەم دەئاخڤێ. ئەو پیاوێکە بە گوێرەی ئەوەی بەرانبەرەکەی کێیە قسە دەکات و دڵی هەمووان ڕادەگرێ و دێنێتە جێ و هەمووان دەلاوێنێتەوە. کە بیەوێ لە پاسۆکەکان نەتەوەییترە[1] و کە بیشیەوێ لە کۆمۆنیستەکان چەپترە و دەشتوانێت ئیسلامی بێت و پێشی دەکرێ لەگەڵ عەرەبدا عەرەب و لەگەڵ تورکدا تورک و لەگەڵ فارسدا فارس بێت. دیارە ئەمە زانیارییەکی نوێ و پەنهان نییە، کە من دۆزیبێتمەوە، بەڵکە بۆ خۆی وایە و هەیە، مەگەر کەسێک تا ڕادەی دەروێشیی لێیەوە نێزیک بێت، هەست بەو بەرگۆڕانی و هەڵبەزودابەزەی ئەو پیاوە نەکات، یا بۆی داپۆشێت، دەنا وەک ڕۆژی نیوەڕۆ دیارە و مرۆڤ هەستی پێ دەکات و دیبینێت و دەیبیسێت. لە وەڵامی چەند پرسیارێکی کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەلعەرەبییە(العربية)[2]دا، پێش دوو ڕۆژێک، جەلال تاڵەبانی وەک پیشەی هەموو جارێکی، تەواوی ڕیسەکانی کوردی کردەوە خوری و هەرچی خەونی کوردە پێشێلی کرد و لە عەرەب عەرەبتر هاتە گۆ. تاڵەبانی لەمەڕ ناسنامەی عیراقەوە وەک دەوڵەتێک دەڵێ:"عیراق وڵاتێکی عەرەبییە و لە کۆمکاری عەرەبیشدا وەک ئەندام دەمێنێتەوە و چونکە عیراق عەرەبی و ئیسلامییە". تاڵەبانی لەمەڕ فیدرالییەوە دەڵێ:"عیراق هەبووە بۆ ئەوەی یەکپارچە بێت و هی دابەشکرن نییە و هەر بە یەکپارچەییش دەمێنێتەوە". لەمەڕ ئەوەی، کە کورد لە عیراقدا چییان دەوێ، تاڵەبانی دەڵێ:"کورد لە عیراقدا داوای یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد ناکەن لە یەک دەوڵەتدا" و پاشان هەر لەو گفتوگۆیەدا تاڵەبانی باس لەوە دەکات، کە ئەو هیچ سەرکردەیەکی کوردی نەبینیوە، وەها داوایەکی وەک (یەکخستنی نەتەوەی کورد) هەبێت و پاشان وەک گاڵتەپێکردنێک، تاڵەبانی پێیوایە تەنێ سەرۆکی لیبیا موعەممەر ئەلقەززافی(معمر القذافي) داخوازیی یەکگرتنی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات.

جەلال تاڵەبانی، بێجگە لەوەی سەرۆککۆماری عیراقە و پێش ئەوەی ئەو پۆستەی وەربگرێ و ئێستاش، سکرتێری زلحیزبێکی کوردستانە، کە فەرمانڕەوای نیوەی کوردستانە(یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان)، کە بۆ عەرەب و لەگەڵ

---

[1] هاوڕێیەکم، کە بۆ خۆی لەگەڵ پاسۆکدا بوو، کتێبێکی جەلال تاڵەبانی، کە وەڵامدانەوەیەکی ساڵح دوگڵە(صالح دگلة) ناوێک بوو، بە عەرەبی بە نێوی"اغد ديمقراطي ام..." خوێندبووە و دەیگوت: ئەو جەلال تاڵەبانییە لە ئێمەی پاسۆک پاسۆکترە. هەر ئەو جەلال تاڵەبانییە و حیزبەکەی وی بوون لەگەڵ پاسۆکدا بەشەڕ هاتن و چەندین کەسیان لەیەکدی کوشت. ساڵانێکی، کە ئاش(ئاڵای شۆڕش) لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان جیابووبووەوە، یەکیەتییان ئاشیان بە عیراقچییەتی تۆمەتبار دەکرد و خۆیانیان پێ کوردستانیی بوو.

[2] ماڵپەڕی http://www.sotkurdistan.com ، 2005/8/29.

عەرەبدا دەپەیڤێ و دێتە گۆ، ئەگەر مرۆڤ نەیناسێت و نەزانێت ئەو کابرایە بۆ خۆی کوردە، هەرگیز لە عەرەبێک جودا ناکرێتەوە. ئەو ڕێک هاوڕای عەرەبانە و بە ناوی ئەوانەوە و لەبری ئەوان قسان دەکات. ئەو ئەگەر بۆ تورک و فارسیش بدوێ، هەرگیز لەوان جودا ناکرێتەوە و دەتوانێت لەمەڕ پرسی کوردەوە، ڕێک هاوڕای ئەوان بێت. کە تاڵەبانی عیراقی پێ عەرەب بێت و خەڵکەکەیشی بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب بزانێت، ئیدی عەرەب بۆ خۆیان بۆ وا بیر نەکەنەوە و وا نەڵێن!

تاڵەبانی پیاوێک نییە شارەزای مێژوو نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بۆ ڕازیکردنی دڵی عەرەب، دەتوانێت مێژوو سەروبن بکات و دیوەکەی دیکەی پێشانی خەڵک بدات. ئەو باش دەزانێت عیراق وەک دەوڵەتێک، زۆر لە مێژ نییە دروست بووە و هەر چەند ساڵێک پێش هاتنەدنیاوەی تاڵەبانی خۆی چێ بووە. ئەگەر عیراق بە لای تاڵەبانییەوە هێندە پیرۆزە و بۆ ئەوە دروستکراوە هەر هەبێت و یەکپارچە بێت و هی دابەشکردن نییە، ئەوا لای خەڵکی دیکە، بە تایبەت کورد و بە ئاوڕدانەوەیک لە مێژوو و تەماشاکردنی سیاسەتی نێو دەوڵەتیی و خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی جیهان و بزاڤ و ڕەوتی مرۆڤایەتیی و...، بە ڕوونی ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە هیچ وانییە و عیراق لە هیچ دەوڵەت و خاکێکی دیکەی ئەو دنیایە پیرۆزتر نییە و بۆ ئەوەیش نەکراوە هەر هەبێت و زۆر چاکیش دەشێ لەتوپەت بکرێت. عیراق هیچ لە سۆڤیێت و یۆگوسلاڤیا و چیکۆسلاڤاکیا و ئەسیووپیا و ئەندۆنیزیا و...پیرۆزتر نییە و هەرچی بنەما و بنگەیەکی لەباریش هەیە تێیدایە بۆ پارچەپارچەکردنی و دابەشکردنیشی، ئەگەر کوتکوتکردنی لەو وڵاتانەیش ئاسانتر نەبێت، ئەوا هەرگیز سەختتر نییە. ئەگەر تاڵەبانی تەماشایاکی نەخشەی ئەفریقا بکات، دەبینێت چۆن کۆڵۆنیالیستانی ئینگلیز و فرانسە هەر لە سەر خوانی خواردن و مێزی خواردنەوە و قومار تەواوی ئەفریقایان بە ڕاستە دابەش کردووە و نەک هەر نەتەوە و خاک، بەڵکە هۆز و خێڵ و بەرەبابیشیان چەند لەت کردووە. مەگەر کوردستانیش هەر بەو شێوەیە لەت نەکراوە، ئیدی بۆ دەبێ دابەشکردنی عیراق کارێکی نەکردە و هێندە گران بێت! ئەو دەستوورەی تاڵەبانی و سەرانی دیکەی کورد مۆریان کردووە و ئەو فیدرالییەی ئەوان بۆ کورد باسی دەکەن، هەر ئەو مزگێنییەی "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق" و "هەرگیز دابەشنەکردنی عیراق" ەی پێیە بۆ عەرەب، کە لە سەر زاری تاڵەبانی خۆیەوە بە عەرەب ڕادەگەیەندرێ. ئەوە بۆ عەرەب مزگێنییە و بۆ کوردیش هەواڵێکی پڕناسۆر و پڕخەم و نیگەرانییە و چەپۆکێکە بە نێو دەمی کورددا دەدرێت.

تاڵەبانی، بۆ خۆی داوای یەکگرتنی نەتەوەی کورد لە یەک دەوڵەتدا ناکات و پێیوایە کوردیش لە عیراقدا وا بیر دەکەنەوە. ئەگەر کورد لە عیراقدا وەک تاڵەبانی بیریان کردبایەوە، ئەوا 98%ی خەلکی باشووری کوردستان، هەر لەو هەڵبژاردنەی، کە تاڵەبانی گەیاندە دەڤەری کەسکی بەغدا و پۆستی سەرۆککۆماریی پێدرا، دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەدەدا! هیچ پێویست ناکات تاڵەبانی لەبری خەڵکی باشووری کوردستان بیر بکاتەوە و پێچەوانەی دید و بۆچوون و خواستەکانی ئەوان بە عەرەب ڕابگەیەنێت. تاڵەبانی ئەو تێزە عیراقیەتییە با بۆ خۆی و

هاوبیرانی دیکەی لە سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستان هەڵگرێت. ئەوەی تاڵەبانی دەیڵێت، خواست و ڕای خەڵکی باشووری کوردستان نییە، بەڵکە هی خۆی و هاوبیران و دۆستانی عەرەبیەتیی.

وا پێدەچێت تاڵەبانی، کاتێک پێیوایە، کە هیچ سەرکردەیەکی کوردی نەبینیوە باس لە یەکخستنی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتێکی کوردیدا بکات، مێژوو لەبیر خۆی دەباتەوە و ڕاستییەکان پێشێل دەکات. ڕەنگە ئەو بۆ خۆی بە چاو و بینین نەیانیدیبێت، بەڵام ئەو باش دەزانێت، کە سەرکردەکانی پێشتری کورد، نەک باسی یەکخستنی کورد و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانیان کردووە، بەڵکە هەوڵ و قوربانییان بۆ داوە و بناخەیان داناوە و لە پێناویدا سەریان ناوەتەوە. ئەی هەر شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحموودی حەفید و کۆمەڵەی خۆیبوون و ژێکاف و حیزبی هیوا نەبوون، باسیان لە یەکگرتنەوەی هەموو کورد لە کوردستانێکی گەورەدا دەکرد! ئەی هەر قازی موحەممەد و مەلا مستەفای بارزانی نەبوون، کە کوردیان بەرەو ئاقاری یەکخستن و یەکگرتنەوە لە وڵاتێکی یەکگرتووی کورددا دەبرد! یا تاڵەبانی ئەوانەی پێ سەرکردە نییە و بە بەشێک لە مێژووی کوردیان ناژمێرێت! تاڵەبانی بۆ خۆی ساڵانی هاوسەنگەریی 1966-1970ی لەگەڵ بەعس و حوکووتەکانی دیکەی عیراقدا، یەکێک لە بەڵگە و پاساوەبەهێزەکانی، لەکن ئاغاکانی ئەوسەردەمەی، دژی شۆڕشی کوردستان و بارزانی، تۆمەتبارکردن و ناوزڕاندنی بارزانی بوو بەوەی جیابوونەخوازە و دەیەوێت عیراق لەتلەت بکات و هەر تاڵەبانی و دەستەکەی بوون نێوی "چۆمبی"یان لە بارزانی نا و پێیان دەگوت"مەلا چۆمبی"، وەک نیشانەی جیابوونەوەخوازێک!

تاڵەبانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستانی پێ خەیاڵی شاعیران و خەونە و بۆ خۆی دەڵێ، کە لە هەموو ژیانیدا بیری لێ نەکردووەتەوە. وەک خۆی نەیتوانیوە وەها خەیاڵێک بە مێشکیدا تێپەڕێت، گاڵتەیش بە خەڵکانێک دەکات، کە وا بیر دەکەنەوە و داوای یەکخستنی نەتەوەی کورد لە یەک دەوڵەتدا دەکەن. لە نێو سەرکردە سیاسییەکانی هەموو جیهاندا، تاکە کەسێک، کە زۆر بوێرانە و بە ڕاشکاویی و ئاشکرا و بە دەنگی بەرز، باسی یەکگرتنەوەی هەموو کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی کردبێت، موعەممەر ئەلقەززافی لیبیا بووە، کەچی تاڵەبانی شۆخیی پێ دەکات و بە ئاشکرا نایڵێ، بەڵام وەک خەیاڵپڵاوێک تەماشای دەکات. تاڵەبانی و هاوبیرانی کاتێک، کە پێویستیان بە قەززاف بوو، بۆ وەرگێڕانی "کتێبی کەسک"ی وی پێشبڕکێیان دەکرد و زۆرجاران دەخەریکان سەریشیان لەو ڕێگەیەدا دانێن. تاڵەبانی و سەرانی حیزبەکانی تری باشووری کوردستان، کاتێک پێویستییان بە قەززاف بوو و قەززاف بە لێشاو پارەی دەدانێ و هەمیشە دەستیان لە نێو گیرفانەکانی قەززافییدا بوو و هەمیشە "تەڕاح" ئاسا لە دیوەخانەکانی قەززافیدا لێی کەوتبوون، ئەودەمی هێندە چاوەخواری ئەو هەموو نان و پارەوپووڵ و چاکەیەی قەززاف بوون، کە تێزەکانی ئەویان پێ خەیاڵ نەبوو. تاڵەبانی و سەرانی دیکەی کورد، هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان، هێندەی قەززاف بڕوایان بە ڕەوایی خواستی گەلی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەبووە. ئەوان نە ئەو بڕوایەیان بووە و نە وێراویشیانە بەو ڕاشکاوییەی قەززاف باسی لێوە بکەن. ئێستاش ئەگەر کونێک لە زگی سەرانی کورد بکرێت، دۆلار و خۆراکەکانی قەززافییان لێ دێتە دەرێ. سەیرە مرۆڤ

هێندە بێ وەفا بێت و هەر ئێستای لەبەرچاو بێت و هەر هەنووکە بخوێنێتەوە. دیارە ئەوەی ئێستا تاڵەبانی لە ئەمەریکا و ئینگلیز و عیراقی وەردەگرێت، گەلێک زۆرتر و چەورترە لەوەی کاتی خۆی لە قەززافی وەریدەگرت، بۆیە هێندە بێباکانە، لاقرتێ بە قەززافی دەکات! ئەو تیرەی تاڵەبانی دەیگرێتە قەززافی، سبەینێش دەیهاوێژێتە ئیسماعیل بێشکچی و کەسانێکی دیکە، کە وەک قەززافی دەنۆڕنە کێشەی گەلی کورد، ئەگەر هەبن. ئەوە تیرێکە تاڵەبانی دەیهاوێژێتە پێچکەی ڕەوڕەوەی کاروانی بەرەوسەرخۆبوونی گەلی کوردستان و ئازادی کوردستان. تیرێکە تاڵەبانی ڕووبەڕووی گەلی کوردستانی دەکاتەوە و گەرکیەتیی هەرچی تروسکەیەکی هیوا و هەرچی ڕووناکییەکە لە دڵ و دەروونی مرۆڤی کورددا، هەمووی لەگۆڕ نێت و تۆوی بێئومیدی لە جێی وی بچێنێت و ئومێد و هیواش بە نەیارانی کورد ببەخشێت. تاڵەبانی بە بڕوابوونی بە یەکپارچەیی خاکی عیراق و هەرگیز دابەشنەکردنی عیراق و عەرەبایەتیی عیراق و بڕوانەبوونی بە یەکگرتنی گەلی کورد و دەوڵەتی کوردستان، وەک هەموو ژیانی، دڵی شۆڤینیستان و ناسیۆنالیستانی عەرەب و تورک و فارس ڕادەگرێت و خزمەتێکی گەلێک گەورە بە شۆڤینیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورک و فارس دەکات. ئەگەر ئەو بۆ خۆی، لە پێناوی دەسەڵات و پایە و سامان و ناودا، ئامادەی هەموو جۆرە سازش و نزمییەک بێت و هەموو کارێک و گوتارێک بە ڕەوا بزانێت بۆ خۆی، پێویست ناکات سەری خەڵکی کوردیش نەویی بکات.

2005/8/30